# بەندی سێیەم

## بەشی یەکەم
حوکمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ

## بەشی دووەم
سەرەتای دەرکەوتن و داهێنانی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە

## بەشی سێیەم
ڕەت کردنەوەی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە لە کۆمەڵێك ڕووەوە

## بەشی چوارەم
ئەو زیادە ڕەویانەی کە لە ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوەدا دەکرێن

# بەشی یەکەم

# حوكمی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ

یەکێ لەو بیدعانەی کە بلاو بوتەوە لەناو کۆمەلگای ئیسلامیداو بە تایبەتیش لە ڕۆژانی مانگی رەبیعی یەکەمدا، بیدعەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ (المولد النبوي)یە، ئەگەر چی کەمێك لە زانایان بە شتێکی باشیان زانیوە[1]، بەلام لەولاوە زۆربەی زانایان و شارەزایان لەزانستی شەرعیدا (الراسخون فی العلم) باسی داهێنراویەتی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ (الاحتفال بالمولد النبوي)یان کردووەو وتوویانە بیدعەیە، وە لای ئێمە بۆتە کێشەیەك (التنازع)، وە لە سەرەتادا باسیشمان کرد کە پێویستە لە کاتی کێشەو ناکۆکیدا بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە سەرەکیەکانی شەرع، کە ئەویش گێڕانەوەیەتی بۆ لای قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیحی پێغەمبەری خوا ﷺ، وە کاتێکیش گەڕاینەوە بۆ لای کتابەکەی خوای گەورە هیچ ئەصلێ و بنچینەیەکمان دەست نەکەوت کە پشتی پێ ببەسترێت، وە بە لە دوادا چون و لێکۆڵینەوەش لە سیرەو ژیانی پێغەمبەر ﷺ، دەرکەوت کە هیچ بەلگەیەك نیە کەوا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردبێت بە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی، یان خۆی بە بۆنەی لەدایك بوونیەوە ئاهەنگی گێڕابێت، یان یەکێك ئاهەنگی گێڕابێت بە بۆنەی لە دایك بوونیەوە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ و ئەویش ئیقراری لە سەر کردبێت و لێی بێ دەنگ بووبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر ﷺ (٦٣) ساڵ لە ناویاندا ژیاوە، وە خەڵکێکی زۆر باوەڕیان پێ هێناوەو لە هەموو خەڵکی زیاتر خۆشەویستی و ڕێزو بە گەورە دانانیان هەبووە بۆ پێغەمبەر ﷺ، وە زیاتریش لە مەبەست و داواکاریەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ گەیشتوون لە ئێمە، وە گیانی خۆیان دەبەخشی لە پێناو پێغەمبەر ﷺو ئاینەکەیدا، وە سور بوون لەسەر شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو هەڵس و کەوتێکی گەورەو بچوکیاندا، وە سوننەتی پێغەمبەریان ﷺ بۆ ئێمە گواستۆتەوە بەبێ زیادو کەم، لە بچوکترین عیبادەتەوە تا گەورەترین عیبادەت، بۆیە ناتوانین بڵێین: لە سەردەمی پێغەمبەر ﷺ ئاهەنگی لە دایك بوونی بۆ گێڕدراوە بەلام بۆ ئێمە نەگوازراوەتەوەو نەگەیشتووە بە ئێمە، لە کاتێکدا هیچ سوننەتێك نەماوە ئیللا بە ئێمە گەیشتووە لە ڕێگەی هاوەڵە بەڕێزەکانیەوە ﷽.

ئینجا با سەیری باشترین سەردەم بکەین لە دوای پێغەمبەر ﷺ، کە خۆشەویست ترین خەڵك بوون لەلای پێغەمبەر ﷺ، کە ئەوانیش هاوەڵە بەڕێزەکانی بوون ﷽، وە هیچ بەلگەیەك نیە لەوانەوە کە بە بۆنەی لە دایك

---

[1] مەرج نیە هەر شتێك کە زانایەك یان چەند زانایەك بە باشیان زانی و پێیان باش بوو ئەوە باش بێت و دروست بێت لە شەرعدا، بە تایبەت ئەگەر هیچ بەلگەیەکیان پێ نەبوو یان فەتوایەکی تر هەبوو نزیکتر بوو لە قورئان و سوننەت، چونکە زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ڕازی نابن بەوەی کە هەرچیەکیان ووتبوو لێیان وەربگیرێت بە تایبەت ئەگەر فەتواکەیان یان ووتەکەیان پێچەوانەی سوننەت بوو، وەك دواتر باسی دەکەین انشاءالله.

بوونی پێغەمبەر ﷺ ئاهەنگیان گێڕابێت، نە خەلیفەو جێ نشینە بەڕێزەكانی و نە هیچ یەكێك لە هاوەڵان ﷺ ئەنجامیان نەداوە، تەنانەت شوێن كەوتوانیش (التـابعین) لە هیچ كام لە سێ سەدە پڕخێرو چاكەكە ئەنجامیان نەداوە.

وە هەموو ئەمانەش كە ئەنجامیان نەداوە، لەبەر ئەوە بووە كە ڕێگرێكی شەرعی هەبووە لە ئەنجام دانی، ئەویش ئەوەیە كە: ئەمە كارێكە نە خوای گەورەو نە پێغەمبەر ﷺ بە شەرعیان دانەناوە، وە یەكێك نیە لەو كارانەی كە خوای گەورە خۆشی دەوێ و پێی ڕازیەو هۆكارێكیش نیە بۆ نزیك بونەوە لە پەروەردگار، بەڵكو بیدعەیەكەو داهێنراوە، وە باشترین كەس كە پێغەمبەری خوایە ﷺ ئەنجامی نەداوە، وە جگە لەویش نەهاوەڵان ﷺ وە نە زانایانی پێشین و سەدەی یەكەمی ئیسلام نە سەر مەزهەبەكانی چوار مەزهەبەكە ئەنجامیان نەداوە، وە ئەمە بەڵگەیەكی گەورەو بنچینەیەكی بڕوا پێ كراوە بۆ هەر كەسێك كە خوای گەورە دڵی والا كردبێتەوەو بە شوێن بەڵگەدا بگەڕێت.

وە لەوەی كە تێپەڕی و باسمان كرد بۆمان دەركەوت كە هیچ كام لە هاوەڵان و سەدەی یەكەم و دووەم و سێیەم، كە باشترین سەدەن ئەنجامیان نەداوە، لە كاتێكدا باشترین سەدەو سەردەم بون، وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (خیرالناس قرني، ثم الذین یلونهم، ثم الذین یلونهم)[2]، واتە: (باشترین خەڵك خەڵكی سەردەمی منن، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن، پاشان ئەوانەی دوای ئەوان دێن).

# بەشی دووەم
# سەرەتای دەركەوتن و داهێنانی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە

تا ئەو سێ سەدەیەی كە باسمان كرد ئەم ئاهەنگە سەری هەڵ نەدا، ئینجا دوای ئەو سێ سەدەو لە سەدەی چوارەمی كۆچیدا بیدعەی ئاهەنگ گێڕان لە لایەن (بني عبید القداح) كە ناسراون بە (فاطمیەكان) و شیعە بوون داهێنرا، ئەمە لە كاتێدا خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ﴾[3]، واتە: (ئەمڕۆ دینەكەم بۆ تەواو كردن)، وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: (إنه لم یكن نبي قبلي إلاّ كان حقاً علیه أن یدل أمته علی خیر ما یعلمه لهم)[4]، واتە: (هیچ پێغەمبەرێك نەبوە لە پێش من، ئیلا لە سەری بووە كە ئوممەتەكەی ئاگادار بكاتەوە لە هەموو خێرو چاكەیەك لەوەی كە دەیزانێ بۆیان).

---

[2] رواه مسلم (٢٥٣٣)، وأخرجه أحمد (٣٥٩٤)و (٤١٣٠)و (٤١٧٣)و (٤٢١٧)، والبخاري (٢٦٥٢) وأطرافه في (٣٦٥١)و (٦٤٢٩)و (٦٦٥٨).

[3] (المائدة/٣)

[4] رواه مسلم (١٨٤٤) واخرجه أحمد (٦٥١٣)، وأبو داود (٤٢٤٨)، والنسائي في المجتبى (٤٢٠٢) وفي الكبرى (٤/٧٨١٤)، وابن ماجه (٣٩٥٦).

وە ئەمانە واتە (فاطمیـەكـان) هـیچ پەیوەندیـەكیان بـە (فاطمـە)ی كـچی پێغەمبـەرەوە ﷺ نیـەو نـەبووە وەك هەندێك كەس وا گومان دەبەن، بەڵكو لە نەوەی ئیسماعیلیە زەندیقیەكان بوون و بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كـە لـە نەوەو وەچەی پێغەمبەرن ﷺ، بەڵام حاشا لەوەی كە ئەوان نەوەی پێغەمبـەر ﷺ بـن، بـەڵكو لـە نـەوەو وەچـەی (عبدالله ی كوڕی مەیمونی قوداحەی یەهودی) بوون، تەنانەت وایان لە میصریەكان دەكـرد كـە جنێـو بـە (أبـوبكر و عمر و عائشە) ڕەزای خوایان لێ بێت بـدەن و قەدەغـەی نوێـژی تەراویحیـشیان لـێ كـردن، وە هـەروەها ئەمانـە بـە درێژایی ساڵ خەریكی یادكردنەوەی بۆنەی لە دایك بوون و بۆنەكانی ترەوە بوون كە چەندەها بۆنـەو یـادی لـە دایـك بوونیان دانابوو بۆخۆیان.

وەك (تقي الدين احمد بن علي بن عبدالقادر بن محمد) ناسراو بە (المقريزي[5]) لە كتێبی (المـواعظ والإعتبـار بـذكر الخطط والآثار) جوزئی یەكەم لاپەڕە (٤٩٠)دا دەڵێت: (خەلیفەكانی (فاطمیەكان) بە درێژایی ساڵ لە یـاد كردنـەوەی جەژن و بۆنەو یادەكانیاندا بوون، ئەوانیش یاد كردنەوەی سەری ساڵ و ڕۆژی عاشوراو لە دایك بوونی پێغەمبـەر ﷺ و لە دایك بوونی علی كوڕی ئەبو طالب ڕەزای خوای لێ بێت و وە لە دایك بوونی (حسن و حسين) ڕەزای خوایـان لـێ بێت و وە یادی لە دایك بوونی (فاطمة الزهراء) ڕەزای خوای لێ بێت، وە لە دایك بوونی ئەو خەلیفەیەی كە ئەو كـات لـە دەسـەڵات دا بـوو، وە هـەروەها شـەوی یەكـەمی مـانگی ڕەجـەب و سـەرەتاو ناوەڕاسـتی مـانگی شـەعبان و ........هتد)[6].

وە لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە: بۆچی (أبوبكر و عمر و عثمان) ڕەزای خوایان لـێ بێـت پـشت گوێ خران و بۆ لە دایك بـوونی ئـەوانیش ئاهـەنگیان نـەدەگێڕاو مـەولودیان نەدەخوێنـدەوە؟! ئایـا ئـەوان هـاوەڵی پێغەمبەر ﷺ نەبوون؟! یان خەلیفـەو جێنـشینی ئـەو نـەبوون؟! لـە وەڵامـی ئـەوەدا (عبـدالرحمن عبـدالخالق[7]) لـە بابەتێكدا بە ناوی (حقيقة الإحتفـال بالمولـد النبـوي)دا دەڵێـت: (بـە كـورتی ئەوانـەی بیدعـەی مـەولود خوێندنـەوەو ئاهەنگ گێڕانیان بە بۆنەی یادی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ داهێناوە، بۆ بە گـەورە دانـانی پێغەمبـەر ﷺ دایـان نەهێناوە وەك بانگەشەی بۆ دەكەن، بەڵكو بۆ بە گـەورە دانـانی خۆیـان و شـوێن كـەوتنی هـەواو ئـارەزووی خۆیـان دایان هێناوە)[8].

وە لەو ئاهەنگ گێڕانانەو بە تایبەت ئاهەنگ گێڕان بۆ لە دایك بـوونی پێغەمبـەر ﷺ بـەردەوام بـوون تـا وای لـێ هات خەڵكی چاوەڕێ بوون كە ساڵی تازە بێتەوەو دووبـارە ئاهـەنگ بگێڕنـەوە، وە سـاڵان ڕۆیـشتن و خـەڵكی زیـاتر تێكەڵ بەو بیدعەیە دەبوون، وە تا وای لێ هات ببوو بە عەقیدەو بیرو باوەڕی خەڵك، وە پیرەكان لەسـەری مـردن و

---

[5] ئەم زانا پایە بەرزە لە ساڵی (٧٦٦)ی كۆچی لە میصر لە دایـك بـووە، وە زۆر بـە دوای زانـستی شـەرعیدا گـەڕاوەو چـەندەها زانـای بینیوەو وانەی شەرعی لە لا خوێندوون، كە كۆی ئەو زانایانەی وانەی لا خوێندوون دەگاتـە زیـاتر لـە (٦٠٠) زانـا، وە چـەندین كتێـب و نوسراوی هەیە، تا لە كاتی عەصری ڕۆژی پێنج شەممەو لە (١٦/رمضان/٨٤٥)ی كۆچی لە میصر كۆچی دوایی دەكات.

[6] (المواعظ والإعتبار بذكر الخطط والآثار) (٤٩٠/١) وە هـەروەها (أبوالعباس أحمد بن علي القلقشندي) لـە (صـبح الأعـشى في صـناعة الإنشاء)دا بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[7] ئەم پیاوە لە سەرەتادا لەسەر سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بوو، بەڵام لـەم دواییانـە كەوتـە داوی حزبایەتیـەوەو تووشـی لادان بـوو لـەم مەنهەجە پیرۆزە.

[8] حقيقة الإحتفال بالمولد النبوي لــ(عبدالرحمن بن عبدالخالق).

هەر بەردەوام بوون، وە بچوکەکانیش گەورە بوون تیایداو پاشان کۆتایی بە دەوڵەتی (فاطمیەکان) هات، بەڵام ئاهەنگ گێڕان بەم بۆنەیەوە هەر بەردەوام بوو.

وە یەکەم کەسیش کە لە کوردستان ئەنجامی داوە، وەك مێژوو نوسان (ابن الکثیر و ابن الخلکان) و جگە لەوانیش باسیان کردووەو ئاماژەیان بۆ داوە، ئەوەیە کە دەڵێن: (یەکەم کەس کە لە دوای (فاطمیەکان) ئەنجامیدا سوڵتان (مظفر الدین أبو سعید الکوکبوري) یە کە پاشای هەولێر (اربل) بووە لە کۆتایی سەدەی شەش یان سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا).

وە دیسان هەریەك لە شێخ (محمد بخیت المطیعي) و شێخ (علي محفوظ) هاو دەنگ و کۆکن لەسەر ئەوەی کە سوڵتان (مظفر أبو سعید) یەکەم کەس بووە کە لە شاری هەولێر (اربل) مەولود خوێندنەوەی بۆ لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ داهێناوە لە سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لە دوای فاطمیەکان[9].

# بەشی سێیەم
# ڕەت کردنەوەی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە لە کۆمەڵێك ڕووەوە

شێخ (صالح بن فوزان الفوزان[10]) دەڵێت: ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دروست نیەو ڕەت دەکرێتەوە لە کۆمەڵێك ڕووەوە؛ لەوانە:

**یەکەم**: ئەم ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوەیە نە لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و نە لە سوننەتی خەلیفە بەرێزەکانی نین، کەوابوو بیدعەیەو ڕێگە پێ نەدراوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (علیکم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدین المهدیین من بعدي، تمسکوا بها و عضوا علیها بالنواجذ، و إیاکم ومحدثات الأمور، فإن کل محدثة بدعة، وکل بدعة ضلالة)[11]، واتە: (دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی خەلیفە ڕێنومایی کراوو هیدایەت

---

9 **بڕوانە**: أحسن الکلام (ص/٥٢) لمحمد بخیت المطیعي، والإبداع في مضار الابتداع لعلي محفوظ (ص/١٢٦).

10 ناوی (صالح بن فوزان بن عبدالله آل فوزان)ە، لە ساڵی (١٣٥٤)ی کۆچی لە دایك بووە، لە ساڵی (١٣٨١) کۆلیژی شەریعەی لە شاری ریاض تەواو کردووە، وە هەڵگری بڕوانامەی (ماجستێر) و (دکتۆرا)یە لە زانستی فیقهدا.

وە لە ساڵی (١٤٠٧)ی کۆچی کراوە بە ئەندامی دەستەی گەورە زانایان، وە لە ساڵی (١٤١١) کراوە بە ئەندامی لیژنەی بەردەوامی لێکۆڵینەوەی زانستی و فەتوا، وە هەروەها سەرپەرشتی چەندەها نامەی ماجستێرو دکتۆرای کردووەو چەندەها قوتابی لەبەر دەستی ئەودا زانستی شەرعیان خوێندووەو سوودیان لە زانستەکەی ئەو وەرگرتووە.

وە هەروەها لەلای چەندەها زانای گەورە وانەی خوێندووە، لەسەروو هەموویانەوە زانای پایەبەرز شێخ عبدالعزیز بن باز ڕەحمەتی خوای لێ بێت، وە خاوەنی زیاتر لە (٢٢) موجەلەدو چەندەها کتێب و بڵاوکراوەو نامیلکەی ترە.

خوای گەورە بیپارێزێت و تەمەنی درێژ بکات بۆ زیاتر خزمەت کردنی قورئانی پیرۆزو سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر ﷺ.

11 أخرجه أحمد: ١٢٦/٤، والترمذي رقم/٢٦٧٦

دراوەکانی دوای من، دەستی پێوە بگرن و بە خرێکانتان بیان گرن، وە وریا بن و خۆتان بپارێزن لە شتە نوێیەکان، لەبەر ئەوەی هەموو شتە نوێیەکان داهێنراون، وە هەموو داهێنراوێکیش گومڕاییە)[12].

وە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ داهێنراوێکەو فاطمیەکان دایان هێناوە لە دوای سێ سەدە پیرۆزەکە بۆ ناشیرین کردنی دینی موسڵمانان، وە هەر کەسێکیش کارێك ئەنجام بدات و مەبەستی پێ نزیك بوونەوە بێت لە خوای گەورە، وە پێغەمبەریش ﷺ ئەنجامی نەدابێت و خەلیفەکانیش لە دوای ئەو نەیان کردبێت؛ ئەوە بەو کارەی کە ئەنجامی دەدات، پێغەمبەر ﷺ تاوانبار دەکات بەوەی کە دینەکەی بە تەواوەتی بۆ خەڵك ڕوون نەکردۆتەوە، وە لە هەمان کاتدا بە درۆ زانینی ئایەتی خوای پەروەردگارە کە دەفەرموێت: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ ﴾[13]، چونکە زیادەیەکی خستۆتە ناو دین و پێی وایەو واش گومان دەبات کە کارەکەی لە دیندایە، ئەمە لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی نەداوەو بەریە لێی.

**دووەم**: ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ خۆ چواندنە بە گاورەکان؛ لەبەر ئەوەی ئەوان ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لە دایك بوونی **عیسی علیه السلام**، وە خۆ چواندن بەوانیش زۆر بە توندی حەرام کراوە، وە لە فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ دا هاتووە کە نەهی کردووە لە خۆ چواندن بە کافران، وە فەرمان کراوە بە پێچەوانە کردنی ئەوان، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (**من تشبه بقوم فهو منهم**)[14] وە فەرمویەتی: (**خالفوا المشركين**)[15].

**سێیەم**: بەڕاستی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەوەی بیدعەیەو خۆ چواندنە بە گاورەکان –لە کاتێکدا ئەنجام دانی هەردوو جۆرەکەش حەرامە–، هۆکارێکیشە بۆ زیادەڕەوی و تێپەڕاندن لە بە گەورە دانانی پێغەمبەر ﷺ تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لێی دەپاڕێنەوەو داوای کۆمەك و یارمەتی و بە فریا کەوتنی لێ دەکەن جگە لە خوای گەورە، وە قەسیدەو هۆنراوەی شیرکی تێدا دەخوێنرێتەوە، وەك قەصیدەی (**البردة**)[16] و جگە لەویش. وە پێغەمبەریش ﷺ نەهی کردووە لە زیادە ڕەوی کردن لە مەدح کردن و باس کردنیدا، وەك

---

[12] وە شێخ عبدالمحسن العباد دەربارەی برگەی کۆتایی ئەم فەرمودەیە دەڵێت: (بەڕاستی تێگەیشتنی ڕاست لە فەرمودەی پێغەمبەر ﷺ: (وكل بدعة ضلالة) ئەوەیە کە ئەم ووتەیە لەسەر گشتێتی خۆی بهێڵرێتەوە، وە هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە لە دینی خوای گەورەدا داهێنراون بیدعەنە، وە ڕەت دەکرێنەوە بەسەر ئەو کەسەی کە هێناونیە ناو دینەوە) كتب ورسائل عبدالمحسن بن حمد العباد البدر، مجلد السابع، (ص/٤٥٨).

[13] المائدة/٣

[14] صحيح أخرجه امام احمد في مسنده (٩٢/٥٠/٢) وأبو داود في سننه (٤٠٣١).

[15] (صحيح) انظر حديث رقم: ٣٢٠٩ في صحيح الجامع

[16] (**البردة**) قەسیدەیەکی (شیعر) عەرەبیە کە پڕیەتی لە بابەتی پڕو پوچ و خوڕافەو شیرك کە لەو جۆرە ئاهەنگانەدا دەخوێنرێنەوە، وە لای خۆشمان و بە زمانی کوردی هۆنراوەیەکی زۆر نوسراوەو لەو ئاهەنگ و مەولود خوێندنەوانەدا دەخوێنرێنەوە کە زۆربەی هەرە زۆریان هەمان شێوەیەو شیرك و خوڕافەیەکی زۆری تێدایەو بە گوێی خەڵکیدا دەدرێت بێ ئەوەی بیر لەو زیادەڕەویانە بکرێتەوە کە تیایاندا هەیە.

دەفەرموێ: (لا تطروني كما اطرت النصارى ابن مريم، فإنما أنا عبد، فقولوا عبدالله و رسوله)[17]، واتە: (زیادە ڕەوی مەکەن لە مەدح کردنی مندا وەك چۆن گاورەکان زیادە ڕەویان کرد لە کوڕی مەریەم سەلامی خوای لێ بێت لە بە گەورە دانان و مەدح کردنیدا هەتا گەیشتە ڕادەیەك کە جگە لە خوای گەورە دەیان پەرست؛ بەڵکو من بەندەی خوامەو بڵێن: بەندەو نێردراوی خوایە).

وە خوای گەورەش نەهی لێ کردن لەو زیادەڕەویەیان و فەرموی: ﴿يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ وَلَا تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ إِلَّا ٱلۡحَقَّۚ إِنَّمَا ٱلۡمَسِيحُ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ رَسُولُ ٱللَّهِ وَكَلِمَتُهُۥٓ أَلۡقَىٰهَآ إِلَىٰ مَرۡيَمَ وَرُوحٞ مِّنۡهُ﴾[18]، واتە: (ئەی خاوەن کتێبەکان –مەبەست گاورەکانە– زیادە ڕەوی مەکەن لە ئاینەکەتانداو وە دەربارەی خوای گەورە هیچ مەڵێن تەنها ئەوە نەبێت کە حەق و ڕاستە، وە بە ڕاستی عیسای کوڕی مەریەم نێردراوی خوایەو بە کەلیمەی خوداو بەفەرمانی (کن) دراوە بە دایکی، واتە خودا فەرمویەتی (ببە) ئەویش بووە).

وە پێغەمبەریش ﷺ نەهی کردووە لە زیادە ڕەوی کردن، نەوەك تووشی ئەو بەڵاو نارەحەتیانە ببین کە ئەوان تووشی هاتون، وەك دەفەرموێت: (إياكم والغلو؛ فإنما أهلك من كان قبلكم الغلو)[19] واتە: (وریا بن و خۆتان بپارێزن لە زیادە ڕەوی کردندا؛ چونکە بەڕاستی قەومەکانی پێش ئێوە بە هۆی زیادەڕەوی کردنەوە بە هیلاك چوون).

**چوارەم**: زیندوو کردنەوەی بیدعەی ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوە بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەرگا دەکاتەوە بۆ بیدعەی ترو خۆ خەریك کردن و گرفتار بوون پێیانەوە جگە لە سوننەتەکانی پێغەمبەر ﷺ؛ بۆیە دەبینی بیدعەچیەکان زۆر گورج و گۆڵن لە زیندوو کردنەوەی بیدعەو بێ تواناو تەمەڵن لە سوننەتەکان و ڕقیان لەو کەسانەیە کە شوێن سوننەتەکان دەکەون و جێ بە جێیان دەکەن، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە دینەکەیان هەمووی دەبێتە یادو یادەوەری و بیدعەو مەولود کردن، وە دابەش بوون بەسەر چەند گروپ و کۆمەڵێکداو هەر یەکێکیان یادی لە دایك بوونی پێشەواکەیان دەکەنەوە، وەك یاد کردنەوەی البدوي و ابن عربي و الدسوقي و الشاذلي، بەو شێوەیە لە ئاهەنگی یادی لە دایك بوونی یەکێك نابنەوە بە لە دایك بوونی یەکێکی ترەوە خەریکن[20].

کەواتە مادام ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایك بونی پێغەمبەر ﷺ هیچ بنچینەیەکی شەرعی لەسەر نەبوو، ئەوا پێش کەوتنە لەسەر قورئان و سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾[21]، ابن عباس ڕەزای خوای لێ بێت دەربارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت: (لاتقولوا خلاف الكتاب والسنة)[22]، واتە: (شتێك مەڵێن کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت)، وە هەروەها شێخ عبدالرحمن السعدي ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: (وە لەوەدا ڕێگری و نەهیەکی توند کراوە لەسەر پێش

---

17 أخرجه البخاري رقم(٣٤٤٥)، ومسلم (١٦٩١)و أخرجه مالك في (موطئه)في الحدود (١٥٥٨)، وأحمد (٣٩١)، وأبو داود (٤٤١٨)، والترمذي (١٤٣٢)، وابن ماجه (٢٥٥٣)، وغيرهم.

18 النساء: ١٧١

19 أخرجه النسائي ٥/٢٦٨ وصححه الألباني في صحيح سنن النسائي رقم/٢٨٦٣

20 حقوق النبي ﷺ بين الإجلال والإخلال ص(١٤١-١٤٢).

21 (الحجرات/١)

22 عمدة التفسير (ج٣ص٣١٢)

خستنی ووتەی هەر كەسێك بەسەر ووتەی پێغەمبەر ﷺ، وە هەر كاتێك سوننەتێكی پێغەمبەر هەبوو ئەوا شوێن كەوتنی پێویستە، وە دەبێت پێش ووتەی هەموو كەسێك بخرێت، جا ئەو كەسە هەر كەسێك بێت)[٢٣].

وە لە (ابن مسعود)ەوە رضي الله عنه هاتووە كەفەرمویەتی: (اتبعوا ولا تبتدعوا فقد كفیتم)[٢٤]، واتە:(شوێن قورئان و سوننەت بكەون و بیدعە مەكەن، چونكە سوننەتتان بەسە)، وە شێخ (عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين) لە شەرحی ئەم وتەیەدا دەڵێت: (اتبعوا ولا تبتدعوا) واتە: شوێن هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ بكەون و پەیڕەوی ڕێبازی ئەوان بكەن، وە هیچ شتێك لە دیندا دامەهێنن و زیاد مەكەن كە خوای گەورە ڕێگەی پێ نەداوەو شتێكیش مەكەن بە شەرع مادام لە شەرعدا نەهاتووە، وە هەروەها وەك ئەو كەسانە مەبن كە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴾[٢٥]، چونكە بە ڕاستی خوای گەورە دینەكەی تەواو كردووە لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەی ﷺ، بۆیە پێویست بە هیچ بیدعەیەك ناكات كە زیاد بكرێت بۆ ئەو شەریعەتە، و (فقد كفيتم) واتە: ئەوانەی پێش خۆتان (هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت) بەسن كە ئەم شەریعەتەیان هەڵگرتووەو ڕوونیان كردۆتەوە بۆمان)[٢٦].

وە هەر (ابن مسعود) ڕەزای خوای لێ بێت لە وتەیەكی تریدا دەفەرموێت: (مَن كان مستناً فليستن بمن قد مات)، واتە: (هەر كەسێك دەیەوێت بە ڕێبازێكدا بڕوات ئەوا با شوێن ئەوانە بكەوێت كە مردوون واتە: هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت).

وە هەروەها پێشەوا (الأوزاعي[٢٧]) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت: (عليك بآثار من سلف وإن رفضك الناس، وإياك وآراء الرجال وإن زخرفوه لك بالقول)[٢٨]، واتە: (ڕێگەو ئاسەواری پێشین بگرە، ئەگەر خەڵكیش تۆیان نەویست و لێت دوور كەوتنەوە بە هۆی ئەوەوە، وە دوور بكەوە لە ڕاو بۆچونی خەڵكی، ئەگەر بە وتەی جوان و بریقە داریش بۆیان ڕازاندیتەوە).

وە دەست گرتنیش بە شوێنەوارو ڕێبازی پێشین، دەست گرتنە بە قورئان و سوننەتەوە، چونكە ئەوان دەستیان بەو دوانەوە گرتبوو، وە شتی بێ بەڵگەو دەلیلیان وەر نەدەگرت، وە گومانیشی تێدا نیە كە (ڕاو بۆچون) زۆربەی كات بریتیە لە قسەی بێ بەڵگەو دەلیل، وەك شێخ (عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين) لەشەرحی ئەم وتەیەدا دەڵێت: (وشەی (الآراء) كۆ (جمع)ی وشەی (رأي)یە، وە قسەیەكیش بەڵگەی لەسەر نەبێت پێی دەوترێت: (رأي) واتە: (ڕاو بۆچوون)، وە ئەو قسانەن كە هەندێ لە خەڵكی دەیان كەن بە بیرو بۆچون و فكری خۆیان و ئەو جۆرە

---

[23] تيسير الكريم الرحمن (ص٩٤٣)

[24] رواه الطبراني في الكبير (٨٧٠) و ذكره الهيثمي في مجمع الزوائد (١٨/١) و قال: رجاله رجال الصحيح.

[25] الشورى: ٢١

[26] الإرشاد شرح لمعة الإعتقاد الهادي الى سبيل الرشاد، للشيخ عبدالله عبدالرحمن الجبرين، ص/(١٠١ – ١٠٢).

[27] **پێشەوا** (أبو عمرو عبدالرحمن بن عمرو الأوزاعي)**یە، لە هۆزی** (أوزاع)، **ئیمام و پێشەوای ئەهلی شامە، لە** (بعلبك) **لە دایك بووە، وە لە ساڵی (١٥٧)ی كۆچی لە بەیرۆت كۆچی دوایی كردووە.**

[28] هذا الأثر أورده الإمام الذهبي في (سير أعلام النبلاء) (١٢٠/٧) و رواه ابن عبدالبر في جامع بيان العلم وفضله (١١٤/٢).

بیر کردنەوەو تێڕوانینانەی کە خۆیان هەیانەو هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە، وە پێویستە خۆمان لەو جۆرە کەسانە بپارێزین و لێیان دوور بکەوینەوە)[٢٩].

وە هەروەها پێشەوای ئەهلی سوننەو جەماعە لەسەردەمی خۆیدا، پێشەوا (البربهاري[٣٠]) ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی (شرح السنة)دا دەڵێت: (واعلم –رحمك الله– انَّ الدين إنما جاء مِن قِبَل الله –تبارك وتعالى– لم يوضع على عقول الرجال و آرائهم)[٣١]، واتە: (وە بزانە –ڕەحمەتی خوات لێ بێت– کە بەڕاستی دین ئەوەیە کە لە لای خوای گەورەوە هاتووە، وە بە پێی عەقڵ و بیرو بۆچونی پیاوان دانەنراوە).

## پێغەمبەر ﷺ لە چ ڕۆژێك لە دایك بووە؟

ئینجا ئەوانەی دەیانەوێت ئاهەنگ بگێڕن بە بۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ با بزانین لە چ ڕۆژێکدا ئاهەنگ دەگێڕن؟! چونکە زانایانی سیرەو ژیانی پێغەمبەر ﷺ ڕایان جیاوازە لە کات و ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ.

هەندێکیان دەڵێن: لە ڕەمەزان لەدایك بووە، وە هەندێکیان دەڵێن لە (٨/ ڕەبیعی یەکەمدا) لە دایك بووە، وە هەندێك دەڵێن لە (١٢/ ڕەبیعی یەکەمدا) لە دایك بووە، وە کاتی تریش وتراوە لەسەر لە دایك بوونی، کەواتە ئاهەنگ لە چ کات و ڕۆژێکدا دەگێڕن؟ یان دەکرێت بڵێین لە دایك بوونی دووبارە بۆتەوە[٣٢]؟!

بۆیە تێکەڵبوون و ڕا جیاوازی لە دیاری کردنی ڕۆژی لە دایك بوونی، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بوونی هیچ بنەمایەکی شەرعی لەسەر نیە؛ چونکە ئەگەر هاتباو شتێکی شەرعی و هۆکارێکی نزیك بونەوە بوایە لە خوای پەروەردگار، ئەوا خیلاف و جیاوازی نەدەبوو لە نێوان زانایانداو کاتەکەی وەك جەژنەکان دیاری دەکرا.

ئینجا دەوترێت: دەڵێن لە مانگی ڕەبیعی یەکەم لە دایك بووە، کەچی لە هەمان کاتدا مردنەکەشی ﷺ هەر لە مانگی ربیعی یەکەمدا بووە، واتە: لە دایك بوون و مردنی پێغەمبەر ﷺ لە هەمان مانگدا بووە، خۆ دڵخۆش بونیش بە لە دایك بوونی لە پێشتر نیە لە دڵ گران بوون و ماتەم بوون بە مردنی ﷺ!!!

---

29 بڕوانە کتێبی: الإرشاد شرح لمعة الإعتقاد، ص/ (١١٠–١١١).

30 پێشەوا (أبو أحمد الحسن بن علي بن خلف البربهاري) پێشەوای ئەهلی سوننە لەسەردەمی خۆیدا، لە بەغداد لە دایك بووە، بەڵام ساڵی لە دایك بوونی نەزانراوە، ئەم پێشەوا بەڕێزە زۆر بوێر بووە لە بەرامبەر ئەهلی بیدعەو شوێن کەوتوانی هەواو ئارەزوو، وە شوێن ڕێڕەوی ئەهلی سوننەو جەماعە کەوتووە لە مامەڵە کردن لەگەڵیاندا، وە ئەم هەڵوێستەشی زۆر بە ڕوونی لە کتێبە نایابەکەیدا (شرح السنة) دەردەکەوێت. وە لە ساڵی (٣٢٩)ی کۆچی، کۆچی دوایی دەکات.

31 شرح السنة، للإمام البربهاري، ص/ (٦٠).

32 بۆ زیاتر شارەزابوون دەتوانیت بڕوانیتە البداية والنهاية، ابن كثير.

# بەشی چوارەم

# ئەو زیادە ڕەویانەی کە لە ئاهەنگ گێڕان و مەولود خوێندنەوەدا دەکرێن

وە ئاهەنگ گێڕانیش بەو بۆنەیەوە کۆمەڵێك تاوان و زیادەڕەوی و خراپەی لێ دەکەوێتەوەو تیایاندا ئەنجام دەدرێت، لەوانە:—

أ ـ بەو ئاهەنگ گێڕانە دەیانەوێت لە خوا نزیك ببنەوە، وە وەك لە پێشتر باسمان کرد کە ئەصڵ لە عیبادەت و نزیك بوونەوە لە خوای گەورە وەستاوە لەسەر بەڵگەو دەلیل، وە ئەمەش هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.

ب ـ وە ئەو مەولود خوێندنەوەو ئاهەنگ گێڕانانە زیادەڕەوی زۆری تێدایە لەسەر مەدح کردنی پێغەمبەر ﷺ، وە گەیشتۆتە ڕادەیەك کە زۆرێك لەو سیفەت و تواناو دەسەڵاتەی کە تایبەتە بە خوای گەورە دەدرێت بە پێغەمبەر ﷺ، بۆ نمونە:—

* (البوصیری) کە یەکێکە لەوانەی زیادەڕەوی کردووە، لە شعرێکیدا دەڵێت:—

فإن من جودك الدنيا وضرتها ومن علومك علم اللوح والقلم

واتە: (لە بەخشندەیی تۆیە دنیاو هەرچی تێیدایەتی، وە لە زانست و زانیاری تۆیە ئەوەی لە (لوح المحفوظ) دایەو هەرچی قەڵەمی قەدەر نوسیویەتی).

وە گومانی تێدا نیە ئەوە حەقی خوای گەورەیە، بەڵام ئەو شاعیرە پێغەمبەری ﷺ گەیاندۆتە ئەو پلەیەو پێی وایە کە عیلم و زانیاری خوای گەورە بەشێکە لە عیلم و زانیاری پێغەمبەر ﷺ، چونکە (مِنْ) لە زمانی عەرەبیدا یەکێك لە ماناکانی بۆ (تبعیض)ە، بە واتای عیلم و زانیاری (لوح المحفوظ) بەشێکە لە عیلم و زانیاری تۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ، وە ئەوەش لەو هاوەڵ دانانەیە کە خوای گەورە لێیان خۆش نابێت، پەنا بەخوای پەروەردگار.

* وە هەروەها زۆرێك لەوانەی ئاهەنگی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ دەگێڕن دەکەونە ناو شیرکەوە، بۆ نمونە وەك لەو شیعرەدا دەردەکەوێت:

يا رسول الله غوثاً ومدد يا رسول الله عليك المعتمد

يا رسول الله فرج كربنا ما رآك الكرب إلا وشرد

واتە: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فریامان بکەوەو یارمەتیمان بدە، وە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ پشت بەستنمان هەر بە تۆیە، ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ناڕەحەتیەکانمان لەسەر لاببە، وە هە ناڕەحەتیەك وە هەر ناڕەحەتیەك کە تۆ دەبینێت هەڵدێت).

ئەگەر پێغەمبەر ﷺ گوێ بیستی ئەم قسانە ببێت ئەوا بە دڵنیاییەوە حوکمی شیرکی گەورە دەدات بەسەریدا، لەبەر ئەوەی بە هانا چوون و لابردنی ناڕەحەتی و داوای یارمەتی کردن و پشت بەستن تەنها هەمووی تایبەتە بە

خوای گەورەو بەس، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ أَمَّن يُجِيبُ ٱلۡمُضۡطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكۡشِفُ ٱلسُّوٓءَ ﴾[33]، واتە: (وە كێ وەڵامی ئەو كەسە دەداتەوە كە تووشی ناڕەحەتی بووەو لێی قەوماوەو وە ناڕەحەتی و گرفتەكانی لەسەر لادەبات؟)، وە خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ كردووە كە بە خەڵكی بڵێت: ﴿ قُلۡ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا رَشَدٗا ﴾[34]، واتە: (ئەی محمد ﷺ بڵێ: بەڕاستی من توانام نیە نە زەرەرێكتان لێ بدەم یان قازانجێكتان پێ بگەیەنم، بەڵكو ئەمە هەمووی لە دەستی خوای پەروەردگاردایە)، وە پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێت: (إذا سألتَ فسأل الله، وإذا استعنت فاستعن بالله)[35]، واتە: (ئەگەر داوای هەر شتێكت كرد ئەوا داوا لە خوا بكە، وە ئەگەر داوای كۆمەكیشت كرد ئەوا تەنها داوا لە خوا بكە)[36].

* وە یەكێكی تر لەو زیادە ڕەویانە ئەوەیە كە فەرموودەیەكی هەڵبەستراوو بێ سەنەد دەهێننەوە كە گوایە خوای گەورە فەرمویەتی: (لولاك لولاك لما خلقت الأفلاك)[37]. واتە: (ئەگەر لەبەر تۆ نەبوایە ئەی **محمد** ﷺ ئەم بونەوەرەم درووست نەدەكرد)، یان دەڵێن (ولولاك ما خلقت الدنيا)[38]، كە ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگارە كە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴾[39]، واتە: (جنۆكەو ئینسانم دروست نەكردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت كە بم پەرستن).

* وە هەندێكی تر لەوانەی ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ، وا گومان دەبەن كەوا پێغەمبەر ﷺ ئامادەی ئەو ئاهەنگە دەبێت!!! كە ئەوەش گەورەترین نەزانی و جاهیلی یە، بەڵكو پێغەمبەر ﷺ تا قیامەت لەناو گۆڕەكەیدایەو ڕۆحەكەیشی لە پلە بەرزەكانە لای پەروەردگاری، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُم بَعۡدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ثُمَّ إِنَّكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ تُبۡعَثُونَ ﴾[40]، واتە: (بەڕاستی ئێوە دوای ئەوە دەمرن و لە پاشان لە ڕۆژی قیامەتدا زیندوو دەكرێنەوە).

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (أنا أول من ينشق عنه القبر يوم القيامة..)[41]، واتە: (من یەكەم كەسم كە قەبر لە سەری شەق دەبێت لە ڕۆژی قیامەتدا)، ئەم ئایەتە پیرۆزو فەرمودەیەو ئەوەی لەسەر مانای ئەوانیش هاتون بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە پێغەمبەر ﷺ لە ڕیزی مردوانەو زانایان كۆ ڕان لەو بابەتەداو هیچ خیلافێكیان نیە.

---

33 النمل: ٦٢

34 الجن: ٢١

35 رواه الترمذي (٢٥١٦).

36 منهاج الفرقة الناجية والطائفة المنصورة، إعداد محمد بن جميل زينو، (ص١٠٥).

37 سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة رقم (٢٨٢).

38 حديث موضوع، **بڕوانە**: اللآلئ الموضوعة في الأحاديث الموضوعة ج١/ص٢٧٢.

39 الذاريات/٥٦

40 (المؤمنون/١٥و١٦)

41 رواه مسلم (٢٢٧٨)، وأخرجه الترمذي في الجامع (٥/٥٨٧/٣٦١٥)، وابن ماجه في سننه (٢/١٤٤٠/٤٣٠٨)، وأحمد في المسند (١٩٨٧/١٠/١٧) بهذا اللفظ: (وانا أول من ينشق عنه الأرض ولا فخر).

وە هەموو ئەو تاوان و خراپانەی کە دەکرێن بە هۆی زیادەڕەوییەوە لە مەدح کردنی پێغەمبەر ﷺ؛ ئەوە خودی پێغەمبەر ﷺ نەهی لیٚ کردون و دەفەرموێت: (لا تطروني كما أطرت النصارى ابن مريم، إنما أنا عبد فقولوا عبدالله ورسوله)[42]، واتە: (زیادەڕەوی مەکەن لە مەدح کردنمدا، هەروەك چۆن گاورەکان زیادەڕەویان کرد لە کوڕی مەریەم دا (عیسى عليه السلام)، بەڵکو من عەبدێکم و بڵێین عەبدو بەندەو پێغەمبەری خوایە).

وە ئەگەر ئەو ئاهەنگانە هیچ کام لەم تاوان و سەرپێچیانەی تێدا نەبێت و تەنها بریتی بێت لە کۆبونەوەی خەڵك و ئامادەکردنی خواردن و دەربڕینی خۆشحاڵی (وەك دەڵێن)، ئەوە هەر بیدعەیەکەو داهێنراوەو خواو پێغەمبەر ﷺ پێی ڕازی نین، (وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة).

---

42 سبق تخريجه